# ئەویندارى یەکەم

حەسەن سەیدباقـى

یەکـەم ئەویندار، وەك تروسکەی مۆمێکە لە ژورێکی تاریکدا هەرگیز لە بەین ناچێ. لە شارێکی ئەم کوردستانەدا، مێرمندالێك بـە هـەوای عەشـقی ناسـیاوێکیان عاشـق بوو، لای بەرامبەریش هەروەها، ژوانەکانیان زۆرتر و گەرمتر دەبوو، هەمیشـە لـەناو یەکتردا دەتوانەوە، بە دزی و ترسەوە دەستەلەملانی یەکتر دەبوون. هەمیشە باسیان لە دوارۆژێکـی بەختـیارو ئاسـوودە بوو، دوور بوون لەوەی کە بزانن چ ڕۆژێکی تاریك لەبەردەمیاندایە. زۆر کەس لەم پەیوەندیە رۆحیە ئاگادار بوون.

بەهۆی نەداری ماڵی باوکی کوڕەو لووت بەرزی ماڵی کچە، ئەوەی چاوەڕوانیان نەدەکرد، سەری هەڵدا.

دایکـی کچـە: مـن زۆر حەز دەکەم، بەوەندەسوێند و قورئان، بەڵام، چی بکەم شیریان خواردووە. کوڕە خوشك و بران!

پورێکیان: توتکە سەگ، چۆن دەتەوێت خوشکی خۆت بخوازی؟!!

کوڕ : نـا، بڕوانـاکەم.

کـچ : هەموو دنیا لەنێو چاوە گەشەکانی ئەودا دەبینم.

بـاوکی کـوڕە زۆر حـەزی دەکـرد.تـا بـتوانن خێزانـێکی بەخـتـیاریان هەبێـت، بـەڵام بێدەسـەڵات بـوو. بـا پرسیار بکەین!!

کـوڕ : لەکــێ؟ بــۆچــی؟

هەموو پێکهاتن لەسەر ئەوەی بچنە لای مەلا، پێکڕا دایك و پورو کوڕە، گەلێك پرسیار قوتبوویەوە.

مــەلا : چـەند ژەمــی خـواردووە؟ دەبێت هێـندەی خواردبێت نـزرگەی کردبێـت، یا ئەوەتە هێندەی خواردبێت بتوانرێت سەلکە پەنیرێکی لێدروست بکرێت!.

گێرمەو کێشەیەکی زۆر دروست بوو، دڵی کوڕەیان ئاگر تێبەردا، هیچ ئاسۆیەك نەما لەبەردەم کوڕەدا.

کوڕ : دەکرێت قوتویەك شیری مەصلەحە بکڕم، بیگەڕینمەوە بۆ دایکی گەر وایە؟!

مـەلا پیاوێکی ریش چەرمگ بوو، بەپێکەنینەوە ووتـی: کوڕە ئەوە چ قەوماوە، ئەو کیژە هێندە جوانە؟ ئەوەندە دێنێ تۆ وای بۆ بکەی؟ هەڕە واز بێنە و دوای یەکی دی بکەوە، تۆ کوڕێکی گەنج و ئێسك سووکی...

کوڕ : ڕاست دەبێژی مامۆستا! بەڵام، گەر جەنابتان لە چاوی منەوە بڕوانن، ئەوا لەو جوانتر نابیننەوە لە دنیادا.

ژیـان درێژەی کێشا، کێشەو ناخۆشیەکان گەورەتر بوون، خۆشەویستی ئەم دووانەش بەرەو قۆناغی نهێنی چوو. کـوڕە خوێـندنی تـەواو کـرد، بـو بە سەرباز، پاش ماوەیەك لەسەربازی هەڵهات، وەك هاوەڵەکانی تری باوەڕی بە بـیری پێشـکەوتنخواز و دژە فاشـی بـوو.ڕووی کـردە چـیا سـەر بڵـندەکانی کوردسـتان، لـەوێدا بـۆی سـەنگەرو



©Kurdistan Net

خۆشەویستی تێکەڵ یەکدی کرد. هەمیشە لەسۆراخی خۆشەویستەکەیدا بوو. چاوەڕوانی درەفتێك بوو، بە یارەکەی شاد بێتەوە. پاش ماوەیەکی زۆر کوڕە ڕێی کەوتە ناوچەکەی خۆیان، ناردی بەشوێن خۆشەویستەکەیدا. بەداخەوە نەیتوانی بەتەنها ئامادەبێت، تا لە ئامێزی بگرێت و تامەزرۆی ئەو دوورییە بشکێنێت.

کوڕە گیرا، دواتر دوورکەوتەوە.

پاشان لەگەڵ هاوڕێیەکی دێرینی، کە زۆر هاوەڵیان خۆش بوو، لەگەڵ ئەوەش خزمی یەك بوون هاوسەرێتی پێکهێنا. کاتی شەڕی کەنداو بوو، کوڕە بانگ کرایەوە بۆ سەربازی، دیسان هەڵهاتەوە، زۆر بە سەختی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا پێکدەگەیشتن. بەڵام بەهاوکاری هەردولایان توانیان ژیانێکی بەختەوەر دەستەبەر بکەن. بەڵام کۆنە یار لەگەڵ ماڵی باوکی پێکەوە قسەیان وەرگرت و هاتووچۆی یەکتر کردنیان نەما. هاوسەری نوێ تابڵێی جوان و شۆخ و شەنگ و ڕۆشنبیر بوو. زەمەن مەودای نەدان تام و چێژی ژیانی بەختەوەری بنۆشن. شەڕ کۆتایی پێهات، ڕاپەڕین دەستی پێکرد. کوڕە وەك هەر شۆڕشگێڕ و خاوەند هەڵوێستێك بەشداری ڕاپەڕینی کرد بەچالاکانە. ژیانیان گۆڕا وەك هەر فەردێکی تری ئەم کۆمەڵگایە. لە کۆڕەودا بەرەو ئێران کەوتنە ڕێ. ژنە دووگیان بوو.

هاوسەری نوێ: دڵە حەزت لەمنداڵە؟

کوڕە: بەڵێ زۆر، منداڵێك وەك تۆ شۆخ و شەنگ و جوان. خۆشم دەوێیت و خۆشەویستیم زیاتر دەبێت سۆما گیان.

سۆما: باشە دڵە گیان

لەسەریاس نیشتەجێ بوون، هەرچەند لەژێر چادردا ژیانیان دەبردە سەر، بەڵام ئاسودە بوون. شەو ڕۆژیان دەژمارد تا کاتی منداڵ بوون نزیکتر دەبوویەوە، شەوانە سەرگوشتەی خۆشیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. شەوێك لەشەوان کوڕە دەیویست سەر بنێتەوە، تا بۆ سبەی سەفەر بکات بۆ کوردستانی عێراق، لەبیرکردنەوەدا بوو..

کوڕە: سۆما گیان سبەی دەگەڕێمەوە، دەتبەم لەگەڵ خۆم، بۆلای دایك و بابت، باشە ئازیزەکەم!!

سۆما: نا دڵە گیان نایەم تۆ گشت کەسمی، تۆ تەنها خۆشەویست و دڵی منی، بڕۆ بەڵام بیری منت بێت زوو بگەڕێرەوە، من بێ تۆ هەست بە تەنهایی دەکەم.

کوڕە: نا ! سبەی نەڵێیت نەخۆشم تا نەتبەم لەگەڵ خۆم، دەزانی خەوم دێت، ڕێگەم دە تا بتوانم بخەوم باشە سۆما گیان!!

سۆما: بخەوە، خەوی شادی و..!

©kurdistan Net

کەمێك بەسەرچوو کچەکە حەزی کرد قسەیەك بکات، بەهێواشی بە پوشێك ویستی یاری بکات، وەك ئەوەی هەستی کردبێت دواهەمین شەویانە پێکەوە.

سۆما بە هێوری، ئەزانم دڵە گیان نەخەوتووی، قەیناکا!، بنوە خەوی شادی و کامەرانی، بەڵام بۆ دواهەمین شەوە پێکەوە بین و هەناسە و جەستەمان تێکەڵ بکەین..!!

کورە راپەری و بە سەرسورمانەوە!!

– ئەوە چی دەڵێیت؟ دەتەوێت ئازارم بدەی؟ زۆرم خۆش دەوێیت پێویست بەوە ناکات دڵم تەنگ کەیت.

سۆما: نا دڵە گیان!! دەزانم، بەڵام !!

کورە : بەڵام چی؟ بۆ قسە ناکەیت؟

دیار بوو کچە وەك ئەوەی هەستی بەشتێك کردبێت بە هێمنی و ئارامیەوە

- من دەمرم!! بیرت دێت کاتی خۆی پرسیارم لێ کردی، حەزت لە منداڵە؟! بە بەڵێ وەڵامت دامەوە، منیش بڕیارم دا ئاواتەکەت بۆ بهێنمە دی و قوربانی بەژیانی خۆم بدەم، تا کۆرپەکەمان بگریتە باوەش... درێژەی پێدا، دەمەوێت خۆت کۆرپەکەمان بە خێو کەیت!!
- کورە بە واق ورمان و بیرکردنەوە لە ووتەکان، هەروەك خەون بوو لەبەر چاوی و لەپڕ ووتی: ئەوە چی دەڵێیت؟ تکا دەکەم لەوە زیاتر دڵم تەنگ مەکە! سۆما گیان چی ڕویداوە؟! بۆ وا قسە دەکەیت؟ ئا زانیم تاقیم دەکەیتەوە، پێوییست ناکات!!

سۆما : کۆرپەیەکی جوانمان دەبێت.

کورەش بەزەردەخەوە منیش وادەڵێم سۆما گیان.

سۆما : من دەمرم، بەڵام مەیدە کەس، خۆت بەخێوی بکەو سۆزی من و خۆشەویستی منی بدەرێ!!

کورە زۆر شڵەژا، تکای کرد لەوە زیاتر گوێ بیستی ئەو قسانە نەبێت، بۆیە ووتی: سۆما گیان بەسە..!

سۆما : باشە دڵە بخەوە، ناتەوێت گوێم لێ بگریت!!

سبەی زوو کورە لە ئاه و ناڵەی هاوسەرەکەی بەخەبەر هات.

کورە : ئەوە چیە سۆما گیان؟ باشە ناتبەم بۆ عێراق، ئەزانم حەز ناکەیت.

سۆما : نا دڵە گیان ئێشم زۆرە.

کورە : چۆن؟

هەستایە سەرپێ، ووتی با دایکم ئاگادار بکەمەوە، ماڵەوەیانی ئاگادار کردەوە، هەستا بچێت ئۆتۆمبیل پەیدا بکات تا بیگەیەنێتە خەستەخانە، بەڵام وەگیر نەکەوت، پاشان گەڕایەوە و چووە خەستەخانەی خێمەکان

©Kurdistan Net

دیسان ئۆتۆمبیلی فریاگوزاری(ئیسعاف) چنگ نەکەوت، پاش هەوڵێکی زۆر ئیسعاف هات و سۆمایان برد بۆ خەستەخانەی پاوە.

زۆر لەسەرخۆ دابەزی، فریشتە ئاسا کەبەرە و دنیایەکی تر بڕوات، بە هێواشی و لەسەرخۆ بەرەو هۆڵی زایین ڕۆشت، بۆ دواجار بەتیلەی چاو بزەی سەرلێوەوە دواین نیگای خۆی کرد، وەك بیەوێت شتێك بڵێت بە کوڕە..!!

کات تێدەپەڕی و کوڕە زیاتر پەتی چاوەڕوانی دەپسا، لە هاتووچۆ دا بوو لە هۆڵی چاوەڕوان کردن، پرزەی بڕا، کاتژمێرێ، دووان، یەکێ زا و دوان و عێراقیەك و..تاد. بەرەو دەرگای دەرەوە هەنگاوی نا بەلاّم قاچەکانی لە شوێنی نەدەڕۆیشت، لە بیرکردنەوەدا بوو، لە پڕێکدا وەك یەکێك دڵی توند بگوشێت، بەڕاکردن گەڕایەوە بۆ لای ژووری زایین.

– دایکە، مەیەڵە ئەو دەرزیەی لێبدەن! تکایە خێراکەن، بە پەلە بن!

دایك : کوڕم چی ڕویداوە؟ دەرزی چی؟ حاڵی چی؟ لەبەر خۆیەوە، وابزانم کوڕەکەم لێی قەوماوە.

کوڕە : نا، دایە تکایە بە پەلە بن، مەیڵن، ئەو دەرزیە، ئا ئەو دەرزیە!.

دەرزیان لێدا لەو دەمەدا. پاش کەمێك پەرستیارەکە هات ووتی: کێیە خاوەندی عێراقیەکە؟!

کوڕە دەلەرزیو بە پەشۆکاویەوە، بەڵێ منم، چویە ژوورەوە، چی دی سۆما لەسەر چەرپایەك ڕاکشاوە لاشەی بە عەباکەی خۆی داپۆشراوە، هیچ قسەیەك ناکات.

پەرستیار : منداڵەکەتان وەزعی باشە، بەلاّم خێزانەکەت نا، ئەوە بەرە بۆ تاقیگە، ئەنجامەکەیمان بۆ بهێنەرەوە.

کوڕە لاڵ بوو، من منداڵم ناوێت، ئەو ئەو تکایە.. بەپەلە دەرکەوت بەرەو تاقیگە

– خێراکەن ئا خێرا تا وەلاّمەکە بەرمەوە، بۆ وەستاون! گەڕایەوە، چی دی!سۆماکەی لە عەبایەکەوە پێچراوە، بەرەو دەرەوەی هۆڵەکەیان هێنا، نەیزانی چی بڵێت، وای هەست دەکرد بۆ ژووری نەشتەرگەری دەبەن، نا لەوێش تێپەڕی بەرەو دەرگەی دەرەوەی بیمارستان، لەوێدا چاوەڕوانی دەکرد. پێیان ووت دەتوانی سەرکەویت.

کوڕە و دایکی سەرکەوتن، لەگەڵ خۆشەویستەکەی، زمان شکاو تەنها چاوە سەوزە گەشەکانی دەدرەوشایەوە، کە پێناس ناکرێت بەرەو کرمانشان کەوتنە ڕێ.

فێڵیان لێ کرد، تا لەدەرەوەی بیمارستان گیان لەدەست بدات، بۆئەوەی کەس بەر پرسیار نەبێت، کەوتە پرسیار لەخۆ کردن، بۆچ ئەم کارەیان کرد، خۆ کاری ئەوان مرۆڤانەیە.. ماوەیەك بەڕێوە بوون، هەر سەیری نێوچەوانی سۆما و چاودێری ئاوە هەڵواسراوەکەی دەکرد، لە پڕێکدا نەترەیەکی کرد، ئاوەکەی وەرنەگرت.



©Kurdistan Net

کوڕە : بە هاوارێکی تاساوەوە تکایە، دکتۆر.. دکتۆر

دایکی کوڕە پرسی، ئەوە چی ڕویدا؟ ئەڵێی مرد؟

کوڕە زۆر بە کەساسیەوە، بە دوو دلۆپ فرمێسك وەڵامی دایکی دایەوە، سەری دانەواند.

دکتۆر : کاکی شۆفێر بوەستە.

پاش پشکنین و دەست کردن بە هەناسەی دروستکراو بۆی، ووتی تکایە خێرا باژوو خێرا ! !

بە ماوەیەکی کورت گەشتنە کرمانشان.. لەگەڵ دابەزین و بردنە ژوورەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پزیشك و پەرستیار لە دەوری کۆبوونەوە، دەست کرا بە پشکنینی خێرا، یەکێك لە دکتۆرەکان : کێ؟ بەڵێ کێ دەرزی لێداوە؟

کوڕەکە دووایین نیگای ماڵئاوایی لە سۆما کرد، بردیانە ژووری نەشتەرگەری تا کۆتایی دەوام دیار نەبوو، لە پڕ دایکی دەرکەوت، مەلۆتکەیەك بەسەر دەستیەوە بوو. وتی: وەرە کوڕم کوڕەکەت ببینە! بەڵام کوڕی چی؟ وەك خەوتوویەك، گەورە، جوانکیلە، هەروەك پەریزادێك، کاتێ ویستی ماچی بکات، هەستی کرد سارد و بێگیانە، هەڵوێستەیەکی کردو مات بوو. ئەی ئەو.. هێندەی وتوو کشایە دوواوە.

بەڵێ دەوام تەواو بوو، بەڵام سۆراخی هەرنەبوو، ئەفسەرێکی پۆلیس هات، پاش چەند پرسیارو وەڵامێك، ڕێگەی دا بە ئافرەتێك بەدوایدا بچێت بزانێت چ باسە، بەڵام هەر نە بوو، پاشان پۆلیسەکە هات پرسیاری کردەوە، ئەوە کێ لێیداوە؟

کوڕە : لە کێ، لێدانی چی؟

پۆلیس: لەو ئافرەتە.. باشە من ئێستا دەچمە ژوورەوە بە دوکتۆرەکان دەڵێم، باش هاریکاری بکەن، ئەوە خزمی منە.

ڕۆشت و ماوەیەکی زۆری پێ چوو. کوڕە لەبەر خۆیەوە، خۆزیا ئەو بەرگەی لەبەر نەبوایە. بەهەرحاڵ لەو کاتەدا پۆلیسەکە دەرکەوتەوە.

پۆلیس : ئەو ئافرەتە چیتانە؟

کوڕە : چی بڵێم؟ ئەو هاوڕێ و خۆشەویست و هاوسەرمە!

پۆلیسەکە زۆر بەهێمنی و ئەدەبەوە ووتی: هەموومان دەمرین، ئەو شەهیدە، لەسەر خاکی خۆی نی‌یە، ئەو چووە جێگەی خۆی! !

کوڕە و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون دەستیان کرد بەشین و ڕۆ ڕۆ، ڕۆژی ڕەش جارێکی تر دەستی پێکردەوە، لە گریان و خەم و خەفەتدا وون بوون! خەڵکانی زۆر هاو ئاهەنگیان کرد بە گریان و ڕۆ ڕۆ.



©Kurdistan Net

ئۆتۆمبیلێکی تایبەتیان هێنا، لاشەی ساردو سڕی دایك و کۆرپەکەیان تێنا، کوڕەش لەپێشەوە سوار بوو، لە پەنجەرەی نێوانیانەوە جار جار سەیری دەکردن و بە کوڵتر دەگریا. بەڵام هیچی نەدەدی جگە لە لاشەیەکی بە عەبا داپۆشراو نەبێت!!

ڕۆژی دواتر لە پاوەوە کەوتنەڕێ بۆ کوردستان، تا لە سەیوان بە خاکی بسپێرن. کوڕەش وەك دێوانەی لێهات، نەیدەتوانی ئەڵقەی خۆشەویستیان دابکەنێت، زیاتر لە شەش مانگ تێپەڕی ئەوجا بەزۆری خزم و برادەرانیئەڵقەکەی داکەند. کات هات و چوو، کوڕە بەکاری سیاسییەوە زیاتر خەریك بوو، ئەمەو هاوڕێکانی دەورو پشتی زیاتر هانیان دا کە بەهێزتر بێت و سەبووری بۆ هات.

کوڕە لەسەر داندا بوو بۆ شارۆچکەیەك، تا خزم و ناسیاوەکانی ببینێت، لە پڕێکدا هەڵتەقا بە یەکەم ئەویندارىدا، ئەوەی کە نەیان دایەو تووشی کێشمە کێش بوو لەسەری.

کچە : ئەم کاتەت باش، هەی بێ بەخت! ئەوە بۆ وات لێهاتووە؟ ڕەنگت زەردو لێو بە باری.

کوڕە تف لە گەرویدا ووشك بوو، ووتی: سوپاست دەکەم. بێ دەنگ بوو، نەیتوانی زیاتر بڵێت. بە پێچەوانەوە کچە دەیویست زیاتر بیدوێنێت، لەکاتی دابەزینیان دا ووتی: دەمەوێت لەگەڵت بێم. کوڕەش سەری ڕازی بوونی لەقاند، ووتی: باشە بەڵام!!

ڕۆژ هاتووچوو پەیوەندیان لە برەو بووندا بوو، سۆزی کۆنیان تازە بوویەوە، بەڵام کوڕە نەیدەتوانی بڕیار بدات. خۆشی دەویست، بەڵام وەك مرۆڤێکی بەوەفا، نەك وەك هاوسەری تازەی، ئەو هەموو ساڵە چاوەڕوانی کردووە، ئازاری چەشتووە.

کچە : حەزدەکەم پێك شاد بین، گوڵەکەم، من هەموو کات تۆم لەبەر چاوە، قوتابیەکم ناوی تۆی هەڵگرتووە زۆرم خۆش دەوێت، بەڵام چی بکەم؟ من بێتاوانم!!

کوڕە : ڕاستە منیش هەروا تۆم خۆش دەوێ، بەڵام واچاکە هەروا بمێنێتەوە.

کچە : من دەڵێم واز لە سیاسەت بهێنە، با بۆ من بیت،ماڵێکی خنجیلانە دروست بکەین!! ئەوە تەنها مەرجی منە بۆ تۆ!! هیچم ناوێت!!

کوڕە : سیاسەت! من هەر ئەوەم، بیرو هۆشم بۆ خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، ماڵ جیایش زەحمەتە، من ئێستا بێدەستەڵاتم، هیچم نەماوە، نازانم چیتر بڵێم.

ڕۆژگار گۆڕا، کوڕە کەمێك دەوڵەمەند بوو، خەڵکی زیاتری ناسی، پەیوەندیەکانی بەر بڵاوتر بوو. بەڵام بەهۆی کارەساتێکی نەویستەوە، کە ئاگاداری نەبوو، سەری لێشێواو، ماڵە باوانی تێکچوو، ئەمیش لەگەڵ برایەکی تریدا ڕووی لەهەندەران کرد، ساڵ هاتوو ڕۆشت، تەمەن بەرەو هەڵکشان دەچوو، سیمای پیری لەسەر و ڕیشەوە دەستی بەدەر کەوتن کرد، کوڕە لەسەر دانی ماڵی باوکی بوو.

دایك : ڕۆڵە ژنێك بهێنە، تا ماڵ و حاڵێکت هەبێت، دڵم خۆشکە.

باوك : ئای کوڕم چەند خۆشە منداڵەکەت لە ئامێز بگرم!!

دایك : ئەوە باشە وەك براکەت، بە لەناوچوونی خۆی هیچ ئاسەوارێکی نەما، جا تکا دەکەم کوڕم ژنێك بهێنە.

کوڕە : دایە گیان، من کوڕی تۆم، لە ناخۆشی و دەردەسەری زیاتر چیم بۆ تۆ کردووە!! هیچم ناوێت.

دایك و باوك بە نهێنی ناردبوویان بە شوێن کۆنە یاردا، بۆ ئەو کچەی کەتاڵی زۆر چەشتبوو، ئێوارەیەك درەنگان کوڕە گەڕایەوە ماڵەوە، پاش ئەوەی کاتێکی خۆشی لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەسەر بردبوو، کەمێکیش کەیل بوو، کە خۆی کرد بەژووردا، چی دی؟ میوان،.. بەڵام کێن؟ دوو دەستە خوشکی کۆنە یار، کوڕە کەیف خۆشتر بوو، ئەملاو ئەولای ماچ کردن زۆر بە دڵسافی. لە پڕ کۆنە یار هاتە ژوورەکە، کوڕە ووتی: ئا وەرە تۆش، ئا تۆش، ماچ دەکەم، ترسی ناوێت، بەبێ مانا، وەك هاوڕێیەك دەستی لەمل کرد، پاشان بە ئاسایی دەست بە قسان کرا، تا شەوێکی درەنگ، هەموو شەوباشیان کرد تەنها کچە نەبێت.

کچە : ئەوا هاتووم بۆ لای تۆ، دەزانی گەر جاران بووایە نەمدەوێرا، بۆ چرکەیەکیش بە تەنها لەگەڵت بم. ئۆخەی نەمردم پاش ئەو هەموو ساڵە بە گوڵی خۆم شاد بوومەوە، ئای خوایە چەند خۆشە، تا مەزرۆتم، دەی با قسان کەین!!

کوڕ : باسی چی بکەین، خۆشەویستی، تاڵ و سوێری کۆن،.. زۆر ڕێزت دەگرم، پاش ئەوەندە ساڵ هەر چاوەڕوان بوویت.

کچ : بۆ منت ناوێ؟ منت خۆش ناوێت؟ دەپێم بڵێ.. قسە بکە!!

کوڕ سەرنجێکی قوڵی دایە و هیچ قسەی نەکرد، وای دەزانی خەون و خەیاڵە، جاران قەدەغە بوو یەکتر ببینن، کە یەکتریان دەدی لە یەکتردا دەتوانەوە، کەچی ئێستا وانییە، بۆ پیریە و پیر بوون، نا دڵیانە، ناسۆری دەرونیانە!! سەرنجی یەکتریان دەدا، ڕۆژانی ڕابووردویان دەهاتەوە یاد، زۆر مانەوە بێ قسە و خەریکی سەرنجدا بوون، لە ناکاو باوەشیان بەیەکدا کردوو لە یەکتردا توانەوە، ئارەقەیان کرد، زۆر یەکتریان لێسایەوە، سۆی کۆنیان لە بن دەرکێشا، بێ ئاگا لە هەموو شت، بێ سڵەمینەوە، تا دوو کاتژێر وایان زانی چەند چرکەیەکە.

کچ : گوڵە گیان گەر ئێستا بمرم قەیناکا، ئۆخەی چاوە گەشەکانتم دیەوە، بە مرادی خۆم گەشتم، خۆم لە ئامێزی تۆدا بینیەوە، ئێمە زۆر بێ بەخت بووین، ژیانیان لێ تاڵ کردین..!!

کوڕ : باشە ئازیز، خۆشحاڵ بوویت، بەڵام دەزانی ناتوانم هیچ بڵێم! ئا خۆشم دەوێیت، ڕاستە خۆشەویستی یەکەم هەرگیز لەیاد ناچێت..!!



©kurdistan Net

وەك ئاشـقەو ماشـقە لـێك ئاڵان، لەیەكا توانەوە، بوونە پارچەیەك ئارەق، زۆر ئاسوودە بوون، ئەو كاتە تامی ژیان خۆشە كە دوو دولبەر ئاوها بێ ترس لە یەكتریدا بتوێنەوە.

زۆر هەیە ئاواتەكانی دەباتە ژێر خاك..

كچ كەوتەوە قسە ووتی: بەیانی دەگەڕێمەوە، هەوڵ دەدەم بـە زوویـی لـە ئامـێزت بگـرمەوە، دێمـەوە، تـا بتوانین هەتایە پێكەوە بژین.

دەسـتیان لـە مـلی یـەكتر كـرد، تـا خـەو هێرشی بۆ هێنان، بەرەنگاریان دەكرد، بەڵام دەترسان نەبا پێكەوە بخەون، نەوەك نیەت پاكی و خۆشەویستیان لای خەڵك بێتە تاوان.

©Kurdistan Net